**به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**به ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار : ٢٢**
**رۆژی بڕیـــار : ٢٠٠٢/١٠/١٥**

# " بڕیـــار "

پشت به حوکمی ماددەی (٤٤) له یاسای ژماره (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢) و مـاددەی (١٢) لـه پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـاره (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردستانی عێراق و لەسەر داوای ژماره (٧٣٣)ی رۆژی (٢٠٠٢/١٠/١٤)ی مەکتەبی سیاسی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کـه خـۆی خـاوەنی لیـستی (زەرد) ی هەڵبژاردنـەو ، بـۆ پڕکردنـەوەی کورسـیی پەنجاویەکـەمینی بڕیـار لەسـەر داوای خـۆی و بەرکارخـستنی رێکەوتنامەکـەی (١٩٩٨/٩/١٧)ی واشـنتۆن ، ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لـه دانیـشتنی رۆژی (٢٠٠٢/١٠/١٥) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا :

**یەکەم :** قبولّ کردنی ئەندامێتی پاڵێوراو (فلك الـدین صـابر کاکـەیی) لـه ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردستانی عێراقدا .

**دووەم :** لەبەر ئەوەی ئەم پاڵێوراوەی سەرەوەی لیستی هەڵبژاردنه له (٢٠٠٢/١٠/١٥) دا سـوێندی یاسایی خواردووه ، له بەر ئەوه ئەندامێـتی ئەو له ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقدا له رۆژی (٢٠٠٢/١٠/١٥)وه وه خراوەتەکار .

**سێیەم :** پێویسته سەرۆکایەتی ئەنجومەن ئەم بڕیاره بخاته بەرکار.

**چوارەم :** ئـەم بڕیـاره لـه رۆژی ئیقرارکردنییـەوه رێکـەوتی (٢٠٠٢/١٠/١٥) دەخرێتـه بـەرکار و لـه (وەقایعی کوردستان) دا بلاّودەکرێتەوه.

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی ـ عێـراق**